


# کەوتنی ئاسمانەکان و گەمەی پانتاییەکان

هاشم سەڕاج

جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی «کەوتنی ئاسمانەکان»دا کۆمەڵێک چەمک و تێمای گرنگی وروژاندووە، دەشێ هەر چەمک و تێمایەک خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت، لەوانە بابەتی.. جەنگ، عیشق و چێژ و جوانی، ڕێکەوت، سێکس و گوناح و سزا و پاکبوونەوە، بوونی مرۆڤ و تراژیدیا ، وەلانان و گرنگی نەدان بە پێشهات و پێشبینییەکان، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی...تاد.

ئەگەر لە ڕوانگە و تیوری هونەری [میخائیل باختین.. ١٨٩٥- ١٩٧٥]ـەوە لە دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بڕوانین، دەتوانم بڵێم ڕۆمانێکی فرەدەنگی «پۆلیفۆنی Polohony»یە و هزر و ڕوانینەکانی لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەنگ و کارەکتەری جۆراوجۆر و دیالۆگ و ئەتمۆسفێری ئاهەنگسازی و کەرنەڤاڵی و شێوازی جیاجیا و چەندان ئاستی جیاوازی هۆشمەندی و بیرکردنەوەوە پێشکەش بە وەرگر دەکات، یان بە شێوازێکی تر، وەرگر خۆی لەبەردەم دەقێکی فرەدەنگ و دیموکراسیدا دەدۆزێتەوە و دەتوانێت لە ڕێگەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆرەوە دەلالەتەکان بدوێنێت و واتای جیاجیا بەرهەم بهێنێت، کەوتنی ئاسمانەکان خاوەن ئەتمۆسفێرێکی تۆکمەی «کات و شوێن» و چەشنی قەبارە و بارستاییەکی بەیەکداچووی مۆسیقی بەشێوازێکی هارمۆنی و کرۆنۆتۆپی chronotope.. گوزارشت لە بابەت و ڕووداوەکان دەکات، کرۆنۆتۆپ زاراوەیەکە «باختین» لە بواری زانستی مۆسیقا وەریگرتووە، واتای فرە دەنگی و نەغمەگەل «الأنغام» دەبەخشێت و لە کێڵگەی ئەدەبیش، دەلالەت لە فرە کەسایەتی و فرە دەربڕینی هزری و فرە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و فرە زمان و شێواز دەکات، هەروەها لای «باختین» فەزا، یان ئەتمۆسفێری کەرنەڤاڵی جۆرێک لە گواستنەوەیە لە کۆمێدیاوە بۆ تراژیدیا ، لە ڕووی کاتەوەش پەیوەستە بە سرووت و ئاهەنگ و دابونەریتی ئایینی و نهێنییەکانییەوە، سەبارەت بەو زانیارییانەی کە لەسەرەوە لە بارەی ڕوانینەکانی «میخائیل باختین»ـەوە باسم کردوون، سوودم لە لێکۆڵینەوەیەکی دوکتۆر (جەمیل حەمداوی) وەرگرتووە کە

لەژێر ناوی [الرواية اليوليفوية أو الرواية المتـحـددة الأصـوات» لە مالپەڕی «الألوكة»دا بڵاوبووەتەوە.

ئێـسـتـا هەوڵ دەدەم پێکهـاتە و بنەمای دیالۆگی و پولیفۆنییەکان لە دەقی کـەوتنی ئاسـمـانەکـانـدا دەستنیشـان بکەم، لە دەسـپـێـکی نووسینەوەدا، گێڕەرەوە هەوڵ دەدات ڕووداو و بەسـەرهاتە یەک لە دوای یەکـەکـان بە زمـانێکی ڕوونی بێ گرێوگۆڵ بگێڕێتەوە و خوێنەر هەست دەکـات بابەتی گـێـڕانەوەکـان بەشێـوازێکی هارمـۆنی دادەڕژێت و هـانی وەرگـر دەدا بـەچێـژ و شـەیدایـیـەوە بەردەوامی بە کـردەی خوێندنەوە بدات، لە دەقی کەوتنی ئاسمانەکاندا گـەمـەی گـۆڕان و گـۆڕانکاری پانتـاییـەکـان-ئەتمۆسـفـێـرەکـان بەردەوامـە، لەدەسپێکی نووسیندا پانتـاییـەک سـەرهەڵ دەدات پڕاوپڕ لە ئارامی و هێـمنی و خـۆشنوودی و هۆگـری و عـەشق و سـرووت، دواتر بۆ پانتـاییـەکی پڕاوپڕ لە کـێـشـە و دڵەڕاوکێ و گـوناح و هێق و هێـڵنج و شکست و تراژیـدیا و شـۆک دەگۆڕدرێت!

دەشێ بڵێم- دانەر- بەر لە کردەی نووسین، وەک پرۆژەیەکی ئەدەبی و ئیستێتیکی و بەرهەمهێنانی دەق، کـۆمـەڵێک داتا و زانیـاری وردی دەربارەی ئەو بابەتانە کۆکردبێـتەوە کە کـاریان لەسەر دەکات، لەوانە - تۆپۆگـرافـیـای شـاری سلێـمـانی و دەوروبەری، بە تایبەتی گەڕەکەکانی شـار و پیشـەوەرە بەناوبانگەکـان، هەروەها هەولێر و گەڕەکی تەیراوە و شـەقـام و کـوچە و کـۆڵانەکـانی دەوروبەری.

- زانیـاری دەربارەی جـەنگی ئێـراق و ئێـران، چۆنیـەتی مامەڵەکردنی پاسداری ئێرانی لەگەڵ سەربازی دیلی ئێراقی و سەربازگەی دیلەکان و ئەو شارە ئێرانییانەی کە دیلەکانی تێدا دەگێڕن، زانیارییەکی تەواو دەربارەی بەرنـامـە و هزری ئایینی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی سیـاسی و چۆنیـەتی پێگەیاندنی موجاهیدەکان، زانیاری لە بارەی ئاینزای «شیعە» و دوازدە ئیمامەکە، مـەبەستم ئەوەیە «دانەر» کـاری لەسەر کـۆمـەڵێک داتا و زانیـاری جیاجیا کردووە کە پێوەندییان بە پانتـایی جۆراوجـۆر و ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە، دەشێ وێڕای توخمی خـەیاڵ، دەقی کـەوتنی ئاسـمـانەکـان بەپێی باکگراوندی ئەو مـەعـریفـە جۆراوجۆرەی کە کاری لەسەر کردووە و توانیویەتی لە ڕێگەی زنجیرەیەک داڕژانی هارمـۆنیـەتی زمـانی و ڕووداو و بەسـەرهات، دەقـێکی پۆلیـفـۆنی بخـولقێنێت و هاوکـات یاری بە پاش و پێـشـخـستنی ڕووداوەکـان بکات، دەقـێکی مۆسیـقی کە هەڵگری ئەم توخم و ڕەگـەزانەی جیـهـانی گـێـڕانەوەن، دیالۆگ، مـەنەلۆگ، خـۆدواندن، کـارەکـتـەر و کـەسایەتی، کـات و شوێن، بینای گێڕانەوە، تۆپۆگرافیای دەق، نوسـتـالیـژیا، فـلاشـبـاک، وەسفگەرایی بەشێوازێکی پوخت و دوور لـە زێـدەڕۆیـی، هـەروەهـا بەکـاربردنی جۆرێک لە فـەنتـازیای شاراوە (کاتێ زولێخا حاڵ و جەزبە دەیگرێت پۆلێک کۆتری ژێر باڵ زەرد بەسـەر سـەرییـەوە دەفـڕن)، هەڵبـەتە دەق زمانە و جۆرێکە لەبیرکردنەوە و کـارێکی خـەیاڵی و مـیـتـافـۆرییـە، کـەسایەتی، یان کـارەکـتـەری نێـو ڕۆمان و گێڕانەوە، بوونێکی کردەیی و ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو بەرهەمی چەمک و خـەیاڵکردنە، ڕۆلان بارت پێیوایە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان، «بوونەوەرگەلێکن، لە کاغـەز» و لە میان زمانەوە شکڵ و شێوەی «دال» وەردەگـرن، لای تزڤـیـتـان «تۆدۆرۆف»یش کـەسایەتییـەکـان لە پرسـێکی زمـانی زیاتر نین، واتە کـەسـایەتییـەکـان کـاتێ شـوێن و جێگەی «دال» دەگرنەوە، کۆمەڵێک ناو و خـەسـڵـەت وەردەگـرن، بەڵام لایەنی کەسایەتی وەک «مـەدلوول» بریتییە لەو گوفتارانەی کە لە دەقی ڕۆمـانـدا دەربارەی خـەسـڵـەت و سـیـفـاتەکـانیـان دەگـوترێت، یان بەشـێـوەیەکی تر ئەوە خـوێنەر، یان وەرگـرە وێنەی کـەسـایەتی و کـارەکـتـەرەکانی نێـو ڕۆمـان بەرەو تەواو کـۆیی دەبات، ئەم کـردەی تەواوکـاری و تەواو کـۆییـەش لای وەرگـر لە ڕێگەی ئەم سـەرچاوە هەواڵـییـانەوە جێـبەجێ دەکـرێت، لەوانە ئەو هەواڵەی کـە گـێـڕەرەوە ڕایدەگـەیەنێت، یان ئەوەی خـودی کەسایەتییەکان دەیگەیەنن، هەروەها ئەو هەواڵ و زانیـارییـانەی کە خودی وەرگـر لە ڕێگەی هەڵسـوکـەوت و ڕەفتاری کەسایەتییەکانەوە هەڵیان دەهێنجـێنێت! بڕوانە کـتـێبی «شیـعـرگەرایی گوتاری گێڕانەوە، لێکۆڵـینەوەیەکـە لە نووسـینی «مـحـمـەد عـوەززام» لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سوودم لێی وەرگرتووە.

دەسـپـێکی ڕۆمـانەکـە بەم ئەلیگۆرییە گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکات «دەشێ کـۆترێک دەنووک لە گـومـبـەزی ئاسـمـان بدات و کـونی بکات، بەڵام بەرنامـەی ئەوی پێ هەڵناوشێتەوە، کۆتر لە بەرنامەکەدا

نەبوو، بەدەستی چەپ قەفەزە تەلەکەی هەڵگرتبوو، بە دەستی ڕاست جاریکی دیکە لە پێشتێنەکەی دڵنیابۆوە..»

کۆتر لە دێر زەمانەوە هێمایەکی باوی ئاشتییە، بەڵام خوێنەر تا تەواوی ڕۆمانەکە نەخوێنێتەوە، پەی بەم دیمەن و ڕووداوە نابات، کێ بیر لەوە دەکاتەوە «ئاسۆ تۆ بلێی زەینەڵ بە پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە قەفەسێکی تەلی بەدەستەوەیە و کۆترێکی تێدایە و دەیەوێ لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر و لەنێو کۆمەڵێک جەنگاوەر و فیداکاردا خۆی بتەقێنێتەوە»، پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکەش لەلایەن دوو گەنجی سپییەوە ئامادەکراون کە ماوەی دوو ساڵ لە ژێرزەمینێکدا دەژین و لەشیان بەر خۆر نەکەوتووە، ئەم دیمەنە شیعری و هێماییینە، دەشێ بەشێک لەچێژ و دەلالەت بە وەرگر ببەخشێت، بەڵام هەرگیز لە حەقیقەتی پرس و ڕووداوەکە ناگات، یان بەشێوەیەکی تر ئەم دەسپێکە شیعری و ئیستێتیکییە هانی خوێنەر دەدات لە کردەی خوێندنەوەدا بەردەوام بێت و بە ڕوانینی «ژاک دریدا» واتا دواخراوەکان لێک بداتەوە، چونکە لە تێکستدا واتای حازر بەدەست بوونی نییە، ئەوە خوێنەرە واتا بە تێکست دەبەخشێت، مەبەستم ئەوەیە دانەر لە ڕێگەی پاش و پێشکردنی ڕووداوەکان و گەمەی پانتاییەکانەوە ڕەوشێکی ئیستێتیکی وای بەسەر خوێنەردا سەپاندووە و ناچاری کردووە دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بە کاملی بخوێنێتەوە، ئەگینا لێکدانەوەی دەسپێکە ئەلیگۆرییەکە لە ڕووی واتاوە بە تەواوی فریای ناکەوێت، سەیرکە، پێش جێبەجێ کردنی کردە خۆکوژییەکە بە چەند چرکەیەک، زەمان چۆن لە گومڕاو سەرلێشێواوەکان دەدوێت، زەمان لای ژاک لاکان (١٩٠١-١٩٨١) چەشنی نائاگایی ڕۆنراوە، پێکهێنەری جەوهەری نائاگاییە، واتە ئەوە زمانە لەنێو بوونی مرۆڤدا دەدوێت، مەبەستم دیمەنی ترسناکی کردە خۆکوژییەکەیە، لەوێ زمانی دەق، لە شوێنی ڕووداوەکە بوونی خۆی لە کۆنترۆڵی کردەی نووسین ڕادەپسکێنێت و بە حەز و ئارەزووی خۆی لە نووسەر و مەیخۆرەکانی گەڕەکەکە و دانیشتوانی عەنکاوە و جوولەکەکان دەدوێت، پاشان دانەر لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر چەمکی ڕێکەوت کردووە، بە تایبەتی لە خولقاندنی کەسایەتی و کارەکتەری «فوئاد»دا، یان فوئادی حاجی فازیلی کونجی، تۆ بلێی فوئاد ئاوێنە، دەکرێ لێرەدا لە ڕوانینی هەریەک لە «بارت» و «تۆدۆرۆف»ـەوە لە کردەی خولقاندنی کارەکتەرەکان بدوێم کە بوونەوەرگەلێکن لە کاغەز، یان چەند «دال»ێکن، واتە سووژەی دانەر، یان «خودی کارا» نووسەری ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی کردەی نووسین و خەیاڵەوە بە سوود وەرگرتن لە واقیع، بۆ نێو جیهانی هێماییی نووسینەوە، فوئاد ئاوێنەی شوفێری تەکسی، بەڕێکەوت لە یەکێ لە شەقامەکانی سلێمانی دایکی ئەڵماس دەشێلێت و هەر لە ڕێگەی ئەم سەردان و هاتوچۆیەش بۆ ماڵەکەیان لەگەڵ ئەڵماس هاوسەرگیری دەکات، کەچی فوئاد ئاوێنە لە کەرکوک و لە یەکێ لە گەڕەکەکانی نزیک گەراج، چاوی بە کچێکی عەزیە شینی باڵا بەرز دەکەوێت و گرفتاری جوانییەکەی دەبێت، بە ڕادەی پەرستن عاشقی دەبێت.

ئەو کچە عەزیە شینە ناوی یوڵدزنوورە، کچێکی تورکمانی شیعە مەزهەبی کەرکووکییە، کچی عەبدوڵڵا فەندی و دایکی ئینجی خاتوونی ناوە، فوئاد ئاوێنە بەرلەوەی بچێتە عەسکەری یوڵدزنوور دەخوازێت و هاوسەرگیری دەکەن و منداڵێک دەخەنەوە بەنێوی زەینلعابدین، دەتوانم بڵێم گرێچنەی ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان بە چارەنووسی ئەم منداڵەوە بەندە، چونکە دوای مردنی، یان سووتانی یوڵدزنوور و ئینجی خاتوونی دایکی، لەمووبەقەکە، بەهۆی کونبوونی بۆری غازی تەباخەکە، بەیەکەوە سەردەنێتەوە، فوئاد بێ ئەوەی بیر لە ئاکامی پێشبینی و پێشهاتەکانی بکاتەوە، زەینلعابدین لە ئامێز دەکا و دەیبا بۆ سلێمانی و دەیخاتە ئامێزی ئەڵماس خانی هاوسەری یەکەمیەوە و ناڵێ ئەمە کوڕمە و دایکی ناوی یوڵدزنوورە و بەکارەساتی سووتان سەری ناوەتەوە، بە پێچەوانەوە دەڵێ ئەم منداڵەم لە ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕزگار کردووە و دایک و باوکی ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕاوە و مردوون، پاشان زەینەڵ کە بە ئاسۆ بانگی دەکەن، لەگەڵ ئەڵماسی زڕدایکی و «ئاسکۆڵ»ی خوشکی گەورە دەبێت، بەڵام دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ خوێنەر جێ نەهێشتووە، لە ڕوانگەی گرێی ئۆدیب و ئەلیکتراوە پێوەندییەکەی نێوان ئاسۆ و ئاسکۆڵ شی بکاتەوە،

چونکە بەیەکەوە گەورە دەبن و هیچ یەکیان بەوە نازانن کە خوشک و بران، تەنیا دیمەنی فوئادی لێ بترازێت، کە دواجار بەشێوەی گرتەیەکی سینەمایی دەردەکەوێت «پیاوێکی پیری سەرورپش سپی، گۆچانێکی بەدەستەوەیە و منداڵێکی چکۆلەی لەگەڵایە و بە خەمباری لە شەقامی تەیراوە وەستاوە و بۆتە نیشانەیەک بۆ ئاسۆی شەهیدی خودا، ئەو کورە چکۆلەیەی کە لە تەکیا وەستاوە ئەمە «هیوایە» و لە هاوسەرگیرییە هەڵەکەی ئاسۆ و ئاسکۆڵەوە هاتۆتە دنیاوە.

دەرکەوتنی فوئاد بەم گرتە سینەماییە، یەکسەر جیهانی «ئۆدیب» و گوناح و تاوان و سزاکانمان بیردەخاتەوە، بەرلەوەی لە کردەی گێڕانەوە و کەسایەتی دیۆنیزیۆسی زولێخا بدوێم، پێم باشە ئاماژە بۆ جەمسەری هونەریی دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بکەم، مەبەستم ئەوەیە جەمسەرەکانی «دەق» لە ڕوانینی «ئایزەر»ی مامۆستای دیاری قوتابخانەی کۆنستانس کە لەگەڵ «یاوس» بەیەکەوە کاریان لە [تیوری وەرگرتن]دا کردووە، دەق لای ئایزەر لە دوو جەمسەر پێکهاتووە، جەمسەری هونەری کە پێوەندی بە کردەی نووسین و دانەرەوە هەیە و جەمسەری ئیستێتیکی بە وەرگر، یان خوێنەر، جەمسەری هونەری لە دەقی کەوتنی ئاسمانەکاندا هێندە بەشێوازێکی هارمۆنی دادەڕێژرێت، دەنگی کارەکتەرەکان و تەکنیکی گێڕانەوە بەشێوەیەک دەگۆڕدرێت خوێنەر هەستی پێ ناکات، واتە لە گێڕانەوەوە بەرەو دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خۆ دواندن و فلاشباک و نۆستالیژیا...تاد، وێڕای بەکاربردنی جۆرێک لە فەنتازیای کورت و شاراوە، هەڵبەتە جەمسەری دووەمیش کە ئیستێتیکایە، ئەمەیان پابەندە بە هزر و ڕوانینی وەرگرەوە، واتە خوێنەری وەرگر دەتوانێت دەلالەتەکان بدوێنێت و واتای جیاجیا بەتێکست ببەخشێت، لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی کەوتنی ئاسمانەکان، لە بنیادی شاراوەدا هەڵگری ڕوحێکی میتافیزیکییە و بڕوای بە سزا و تۆڵەسەندنەوەیەکی لاهووتی و میتافیزیکی هەیە، دەشێ ناونیشانی ڕۆمانەکە ڕاستەوخۆ بدوێت و ئەم چەمکە بخاتەڕوو، ئەم حاڵەتەش لە بۆردومانەکەی شاخی سوورێن و گرتە سینەماییەکاندا دەردەکەوێت، کە چۆن چارەنووسی فەندەمێنتالیستەکان و بنکە و بارەگاکانیان لە دیمەنی وێرانەیی سەدوم و عامورا دەکات، دوای ئەم زوڵم ستەمە، تۆڵەیان لێ دەسێنرێتەوە، ئەوان چی نەماوە نەیکەن! هەتا ئاسکۆڵ و ئەڵماس لەسەر تاتەسوورەکە و لەژێر جەڵدە و ئازار و ئەشکەنجەدا بووراونەتەوە، زولێخاش دەستی لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی توندڕەوی سەلەفی تێکەڵ کردووە و شووی بە موفتی بوخارا کردووە، دەق لە دەسپێکی نووسینەوە، کاری لەسەر دوو جۆرە ئەتمۆسفیر، یان پانتایی کردووە، پانتایی عیشق و پانتایی تراژیدیا، بەڵام گەمەی پانتاییەکان بەپێی بەشەکان دەگۆڕێت، دەق لە دەسپێکەوە بە ڕوح و بنەمایەکی کەرنەڤاڵی ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو، بنەمای کەرنەڤاڵەکە زۆرتر لە ڕێگەی کەسایەتی زولێخاوە ڕوو لە جۆرێک ئاهەنگسازی دەکات و لایەنە دیۆنیزیۆسییەکەی کەسایەتی زولێخا زیاتر لە سرووتی ئایینیدا دەردەکەوێت.

زولێخا چەمکی ناوەکەیشی هەڵگری جۆرە هێمایەکی دێرینی ئاینییە، زولێخا سێزدە ساڵ لە ئەڵماس بچووکترە و سەر بە خانەوادەیەکی بەدبەختە و دایکی نەخۆشە و لەسەر جێ کەوتووە، باوە پیارەکەی جارێک پەلاماری داوە، ئێستا لەگەڵ ماڵی ئەڵماس نەک هەر هاوسێیە، بەڵکو یەک ماڵن، زولێخا دەستی ئاسۆ تۆ بلێ زەینەڵ دەگرێت و دەیبا لە مەکتەب ناونووسی دەکات، لەوێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە عاشقی دەبێ کاتێ ئاسۆ گەورە دەبێ حەزی دەچێتە زولێخا و لەنێو خەیاڵی سێکسیدا نیشتەجێ دەبێت، دەشێ جیاوازی تەمەنیان بە یووسف و زولێخا بەراورد بکرێت، زولێخا لە ژوورەکەیدا ژنانی گەڕەکی کۆدەکردەوە و کۆڕی زیکری دەگێڕا، [کراسێکی ئاودامانی ڕەش ڕەشی لەبەر دەکرد و پارچە پەرۆیەکی لەناوچاوانی دەبەست، تا دەنگی بەسۆزتر بایە دەموچاوی سوورتر دەبۆوە، زەینەڵ ئاوی دەگێڕاو منداڵانی گەڕەکی دوور دەخستەوە...ل٢]، بەڵام [زولێخا دەنگی ژنێکی هەبوو شێتی پیاو بێت، ئەو دەنگە پیاویش شێت دەکا... دەنگی زولێخا لەو دەنگانە بوو نێرێنەی کەمەندکێش دەکرد... ل٤]

کارەکتەرەکانی دەق هەریەک بەدەست ئازارێکەوە دەناڵێنێ، زولێخای باڵا بەرز و سنگ بڵند

بەدەست غەریزەی سێکسی و حەزەکانی، لەڕێگەی سرووشی ئاییینییەوە خامۆش و بە تاڵ دەکاتەوە.

ئەڵماس خان بەرلەوەی شوو بە فوئاد بکات حەزی لە کوڕە قژ زەردەکەی نێرگزی سستەر بوو، ناوی نابوو «فەراولە»، ئەڵماس دەیگوت «دەشێ گڵۆپەکانی عەشق بکوژێنەوە و ماڵی دڵ وێران بێت، بەڵام ئەوە کۆتایی دنیا نییە» دەق خود و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی زمان و هەڵسوکەوتەوە دەخاتەڕوو، بە تایبەتی لایەنی سایکۆلۆژی کەسایەتییەکان، هەروەها دەقی کەوتنی ئاسمانەکان لە دەسپێکی نووسینەوە هەوڵ دەدا خەسڵەت و خۆشییەکانی «جیهانی ژیان» بنووسێتەوە، ئەم چەمکە وەک دیدی «هۆسرل و هایدگەر» پێوەندی بە چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە، واتە مرۆڤ لە ڕێگەی هەوڵ و کۆشش و چالاکییەکانی جیهان لە سروشت دادەبڕێت و دەیکات بە مەفتەن و مەڵبەندی ژیان و ژیان بەڕێ کردن، بە تایبەتی کاتێ لە کووچە و کۆڵان و شەقام و بازاڕەکانی سلێمانی دەدوێت، خوێنەر دەکەوێتە نێو جیهانێکی لێوانلێو لە هۆگری و ئولفەت پێوەگرتنەوە، شەپۆلێک لە شیعرگەرایی شوێن، گەمارۆی دڵ و دەروونی دەدا، ئەم حاڵەتە خۆشنوودییە یەکسەر چەمکی هۆگری «شیعرییەتی شوێن»ی «گاستون باشلار»مان بیردەخاتەوە، چونکە منی نووسین لای «جەبار جەمال غەریب»ی ڕۆماننووس لە دەسپێکی نووسینەوە هەوڵ دەدات ئەتمۆسفێری ژیان و جیهانی ژیان بنووسێتەوە، ژیان بە سەرجەم ڕەهەندەکانییەوە، عیشق، تراژیدیا، جوانی، سێکس، نشوستی و نائومێدی، دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی، پێوەندییە مرۆییەکان لە شاری سلێمانی و گەڕەکە کۆن و دێرینەکانی چەند خۆش و پڕ چێژنن، شارێکە هەمیشە پێدەکەنێ، گەڕەکی ڕزگاری بۆ ئەڵماس ژیان بوو، هەموو کچەکان دەنکی، یان کەپڵی خۆیان هەبوو، بەپێ دەچوونە سەرگردەکەی ڕیعایە، ئەڵماس دەیزانی دڵی دەستە خوشکەکانی چەند ڕووناکە، ئاخر عیشق دڵ ڕووناک دەکاتەوە، ئەو لەگەڵ فەراولە عیشقبازی دەکرد، نەشمیل دەیگوت عیشق وەک دەرپێ وایە دەتوانی لەپێی نەکەی، ئالا گوتی، ئەڵماس نەک عیشق، دەرپێش لەپێ ناکا.

دەق بەشێوازێکی ورد و سەرنجڕاکێش کار لەسەر تۆپۆگرافیای شاری سلێمانی دەکات، گردی شێخ محێدین، پشت کارگەی سەهۆڵەکە، مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، [سەردەمی زێڕینی ئەڵماس سەردەمی کچێنی بوو، جا هەروایە کچانی سلێمانی پاشای ماڵن، ڕەنگی پەردە و بەرگی دۆشەک و تابلۆی دیوار، ئەوان دیاری دەکەن، خواردن بەدڵی ئەوان لێ دەنرێ.. ل٢٩] ئەڵماس لەنێو تەکسییەکەی فوئاد کاتێ بە شەقامی سالم تێدەپەڕن، دەکەوێتە حاڵەتی نۆستالیژیاوە و یادەوەرییەکانی سەردەمی کچێنی بیردێتەوە، لەگەڵ نەشمیل و ئالا و پەخشان و دەستە خوشکانی دەچوونە ئامادەیی فریشتە، ئێوارانیش بە چوار باخدا دەگەڕان، کوڕە چوار باخییەکان چاو چاوانێیان لەگەڵ دەکردن و دەیانگوت «ڕزگارییەکان هاتن» فوئاد دەیگوت من سەر شەقامیم، بە شەقامی مەولەویدا دەگەڕان، بەرەو سینەما دڵشاد، خانەقای مەولانا خالید، بەرەو تووی مەلیک سەردەکەوتن، نزیکترین هاوڕێکانی فوئاد چوار باخییەکان بوون، بەڵام دڵی ئەو شەهیدی ڕزگاری بوو، ڕووەو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی سابوونکەران و گەڕەکی گاوران، لای دوکانی خالید زامداری خۆشنووس، لە نزیک بەردەرکی سەرا ئەڵماس دوودڵ بوو، حەزی دەکرد بەرەو ئۆرزدی سەربکەوێت.

من لەم خوێندنەوە و گەشتوگوزارە شوێنییەدا کە لە چرکەکانی شیعرگەرایی دەدوێم، لە دەقی کەوتنی ئاسمانەکاندا بەدوای واتای دیاریکراودا ناگەڕێم، چونکە لە پێوەندی ئاڵۆزی دەلالەتی زمانیدا واتای جێگر و دیاریکراو نییە، بەڵکو زیاتر بەدوای ئاسۆ و پانتایی ئەو جیهانانەدا دەگەڕێم کە تێکست لە ڕێگەی سیستمی زمانی و کردەی گێڕانەوەوە فەراهەمیان دەکات و منی خوێنەر، یان وەرگر بەرەو خەیاڵ و هەستی جوانی و لێکدانەوە دەبەن، دەق لە ڕێگەی خستنەڕووی تۆپۆگرافیای شاری سلێمانییەوە چرکە خۆشەکانی هۆگری و شیعرگەرایی شوێن و جووڵە و پێوەندی و جوانییەکانی جیهانی ژیان دەنووسێتەوە، تووی مەلیک و فێنکی ئێوارە و هاتوچۆی کچ و کوڕە عاشق و سەرگەرمەکان، چۆن بەدەم پێکەنین و نیگاوە لە دوکانەکان برمە و لوقمەقازی دەخۆن، ئەڵماس لەبەردەم وێنەگری عومەر چاوی بەفراولە دەکەوێت و دەشڵەژێت، ئەڵماس لەم ڕێکردنەی لەگەڵ فوئادی مێردی سەراپای یادەوەرییەکانی

سەردەمی کچێنی بەشێوەی فلاشباک و ڕستێک وێنەی جۆراوجۆر هورووژمی بۆ دێنین، دەق لە گەمەی ئاسۆکان و پانتاییەکاندا ئەم جارە کار لەسەر چەمکی نامە و هونەری نامەگۆڕینەوە دەکات، دوای گەیشتنی نامەکەی فوئاد لە گورگانەوە، زولێخا پاپووجێکی جوانی بۆ ئەڵماس کڕی، زولێخا و هەڵکەوتنی بەژن و باڵای و دەنگە بەسۆزەکەی لەم تێکستەدا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە، زولێخا لەگەڵ ئەڵماس بەیەکەوە ژنەکانی کانێسکان و گەڕەکەکانی تر کۆ دەکەنەوە، زولێخا دەف دەژەنێت و زیکر دەکا و بەدەنگە بەسۆزەکەی داروبەردی گەڕەکەکە دەهەژێنێت و بەردەوام لە خودا دەپاڕێتەوە و بەیەک نەزم دەگری و میعراجنامە دەخوێنێتەوە.

دەقی کەوتنی ئاسمانەکان لێرەدا سرووتی زیکر و لالانەوە کە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە سرووتێکی شاراوەی دیۆنیزیۆسی و باخۆسی دەکات، کوڕەکانی کانێسکان لە پەنا دیوار و کەلێنی کۆڵانەکان دەگریان و ئاخیان هەڵدەکێشا، بەڵام کە هەڵدەستان بە یەکتریان دەگوت - چییە خۆت تەڕ کردووە؟ مەبەستم ئەوەیە گەنج و هەرزەکارەکانی کانێسکان بەبێ مەی مەست دەبوون و لە ڕووی سێکسییەوە دەورووژان، چونکە ئەگەر بە مێژووی تیۆلۆژی و سرووتی میتافیزیکی و هێماکانی پیرۆزگەراییدا بچینەوە، هەست دەکەین سەرجەم ئەم تەقس و سرووتانە لە بازنەکانی نەشئەی ڕوحی و مەستگەرایی باخۆسییەتەوە سەرچاوەیان گرتووە، هاوکات ئەگەر لە دیدی «پیەر بوردیۆ»وە لایەنەکانی کەسایەتی زولێخا شی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کەشی سرووتە ئایینییەکان دەشێ بە گرنگترین هۆکار دابنرێت بۆ پێکهاتە و گەشەسەندنی خودی «هابیتوس»ەکە، مەبەستم ئەو هابیتوس و پێکهاتە و تەلاری زەینییەیە کە زولێخا لەم کەشە میتافیزیکی و ڕوحانییە وەری دەگرێت و دواتر تێکەڵ بە کۆمەڵەی فەندەمەنتالیستەکان و ڕەوتی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی و جیهادیستەکان دەبێت و موفتی بوخارا هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات، واتە زولێخا لە کۆڕی زیکر و تەهلیلەوە بەرەو شاخی سوورێن و بۆ لای فەقێ ڕەش و سۆفی برایم و خویەیب و ئەبوو دوجانە دەبا و بۆردوومانی موشەکەکانی تۆماهۆک بۆ سەر کێوی سوورێن و بە سزا و تۆڵەسەندنەوەی گوناح و تاوانەکانی [سەدوم و عامورا] دەچوێنرێت.. ئاخر «هابیتوس»ی ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ بە هەمان شێوە لە کەشوهەوای سرووتی کۆڕی زیکرەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاسۆ جارێ پارچەڵە بوو لە کۆڕی زیکر و حاڵدا و لە نێوەندی ژنە شەیداکانی ڕوح و ڕۆژی پەسڵان ئاوی دەگێڕاو کاتێ زولێخا حاڵ و جەزبە دەیگرت قژە ڕەش و درێژەکەی بەردەدایەوە و دەگەیشتە پاژنەی پێی و چی نەدەما مەمکە تورت و قیتەکانی مەمکدانەکەی بدڕن، دیمەنی جەستەی زولێخا بەردەوام لای ئاسۆ خەیاڵی سێکسی دەورووژاند، دواجار ئەم هابیتوسە ئایینییە وای لێ کرد ڕوو لە مزگەوت بکات و لای مەلاکە دان بە گوناحە گەورەکەی بنێت و لای جیهادیستەکان بەوپەڕی ناچاری و نائومێدی یەکە یەکەی وێستگەکانی ئەشکەنجەی ڕوحی و جەستەیی و خەساندن ببڕێت و دوایین جار بەوپەڕی بیروباوەڕەوە ببێتە شەهیدی خودا و خودی لە سەرجەم گوناح و تاوانەکان پاک بکاتەوە، خوشک و برایەک بە نەزانی هاوسەرگیری بکەن و بێ ئەوەی بزانن کە برا و خوشکن و وەچەش بخەنەوە، ئەگەر گرێی [ئۆدیب و ئەلکترا] لای «فرۆید» لە ڕێگەی دەروونشیکارییەوە چارەسەری بۆ بکرێت، ئەوە لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتدا، جگە لە چارەسەری شەرعی و ئایینی، چارەسەرێکی تر بوونی نییە، ئەگەرچی گوناحباری سەرەکی لێرەدا و لەم ڕووداوەدا فوئاد ئاوێنەی باوکە، کاتێ «زەینەڵ»ی کوڕپە ڕادەستی «ئەڵماس»ی هاوسەری یەکەمی دەکات، ڕاستی ڕووداوەکەی لەلا نادرکێنێت و زەینەڵ، یان ئاسۆ لەگەڵ ئاسکۆڵ بەیەکەوە گەورە دەبن و بێ ئەوەی بزانن، لە بنەڕەتدا خوشک و بران، بۆیە دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بۆ چارەسەری ئەم تاوان و گوناحە گەورەیە، پارچە نووسینێکی شێوە «تەورات»ی دەخاتەڕوو، [من چیرۆکی تۆ دەزانم، چیرۆکی تۆ وەک چیرۆکی لافاوەکەی نووحە، وەک چیرۆکی قەومی لووتە، چیرۆکی تۆ وەک چیرۆکی خیانەتکارانەی برایەکانی یووسفە، وەک چیرۆکی کوڕەکەی شەممەرە، ئەوەیان کە لاقەی کچەی یەعقووبی کرد.. تۆ بە نەفرەتکراوی.]

ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان بەردەوام لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئاسۆیەکی تر و پانتاییەکی تر

دەکاتەوە و لە ڕێگەی گەمەی پانتاییەکانەوە درێژە بە کردەی نووسین دەدرێت، کارکردن لەسەر فۆنەتیک و مۆسیقای دەنگ، بابەتێکی تری ئەم ڕۆمانەیە، زولێخا لە دەسپێکی نووسینەوە وەک کارەکتەرێکی دەنگ خۆش دەردەکەوێت و بەردەوام بەدەنگە سۆزدارەکەی کوڕی زیکر بەڕێوە دەبات، دەنگێک دڵ دەپرووکێنێت و پیاو دێوانە دەکات، کوڕانی کانێسکان لەبەر چێژ و خۆشی ئەم دەنگە، خۆیان لە کووچە و کۆڵان مەڵاس دەدەن، مەلا شەفیقە کۆڵەی پێشنوێژی مزگەوتی دوو دەرگا، کە ماڵی کەوتۆتە پشت ماڵی ئەڵماس، بەدوای ئەم دەنگە سیحراوییەدا دێت و دەڵێ: من هاتووم لە پێناو خودا ئەو کچە بخوازم! ئەم دیمەنە ئەلیگۆرییە هەم لایەنی چلێسی و شەهوانی و سایکۆلۆژی مەلا شەفیقی خێزاندار دەخاتەڕوو، هەم سیحری دەنگی زولێخا کە لە جیهانێکی پڕاوپڕ لە حیرمانی سێکسی و چەپاندنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاخر کارەکتەرەکانی دەقی کەوتنی ئاسمانەکان بەردەوام لە ڕێگەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و قسە بزرکاندنەوە لایەنی سایکۆلۆژیان دەردەخەن و زمان بەشێوازێکی هێمایین چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بەوەرگر ڕادەگەیەنێت، هەروەها دەقی کەوتنی ئاسمانەکان لە گەڕان و سووڕانە نائومێدییەکەی ئاسۆدا، دەیەوێ بە تەواوی تۆپۆگرافیای شاری سلێمانی بنووسێتەوە، گەڕەکی شێخان، کۆڵانەکانی شێخ مستەفا، بازاڕی شووشە، یان کاتێ داوای ئاسکۆڵ دەکرێت بۆ ئاسۆ، لوقمە سوور و زەردەکانی تۆفیقی حەڵواچی و برمەی ئامەی جۆلا دابەش دەکرێت، لە ستۆدیۆ یادگار وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دەگرن، مەبەستم ئەوەیە جەبار جەمال غەریب لەم ڕۆمانەدا بە شێوازێکی ورد و هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵ پیشە و پیشەوەر و شوێنە جوان و دێرینەکانی شاری سلێمانی کردووە و هاوکات دەق لە ڕێگەی تێفکرین و ڕوانینی «فوئاد»ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە، دنیابینییەکی مرۆڤدۆستانە دەخاتەڕوو.

فوئاد وێڕای هەڵە هەرەمەکییەکەی، مرۆڤێکی ئازا و بوێر و ژیاندۆستە، لەسەربازیدا دۆستایەتی لەگەڵ برادەرە عەرەبەکانی فرە بەهێزە، بڕوای بە مەزهەب و مەزهەبگەرایی نییە، لای ئەو شیعە و سوننە هیچ جیاوازییەکیان نییە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤن، نوهاد و نووری و عەللاوی و محەمەد عەبدولزەهرە و سەمیر و ئەوانی تر گشتی بە دۆستی خۆی دەزانێت، هەروەها کاتێ کە بەدیلی دەکەوتە ژێر دەستی پاسدارە ئێرانییەکان، هەمان سۆزی بۆ هاوڕێکانی هەیە، دەق زۆر بە وردی لە ڕەوشی زیندان و سەربازگەی گورگان و چۆنیەتی مامەڵەی ئێرانییەکان و ژیانی دیلایەتی دەدوێت، هەڵسوکەوتە جوانەکەی دوکتۆر ئارش و ڕەفتارە سەیرەکانی غولامڕەزا، خوێنەر هەست دەکا دانەر لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کۆمەڵێک بەڵگەنامە و دوکیۆمێنت کردووە، بە تایبەتی سەبارەت بە ڕەوشی دیلە ئێراقییەکان لە زیندان و سەربازگە ئێرانییەکان، ساڵی ١٩٨٨ کە جەنگ دەوەستێت و کۆتایی بە هەموو شتێک دێت.. بەم شێوەیە لە ڕەوشی دیلەکان دەدوێت [لە جورجانەوە بە پاس بردیانن بۆ بەندەرشا، لەوێوە بەشەمەندەفەر بۆ سمنان، شاهرڕوود، نەیشابوور، شەریفئاباد. جارێکی دیکە بە پاس بردیانن بۆ مەشهەد و لەوێشەوە بۆ قووچان] ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دوو بەشە کە پەیوەستن بە قۆناغی سەربازی و دیلێتی فوئادەوە، پێویستە زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت، چونکە کردەی نووسین لە هەردوو قۆناغدا کۆمەڵێک بابەتی ورد و سەرنجڕاکێشی ورووژاندووە، بەڵام من لەم خوێندنەوەیەدا حەزم نەکرد لە بابەتی گەمەی پانتایی و ئەتمۆسفێرەکان دوور بکەومەوە، بۆیە بە شێوەیەکی برووسکەیی لە قۆناغەکان دوام.

دەقی کەوتنی ئاسمانەکان لە گەمەیەکی تری پانتاییەکان، جیهانێکی جیاوازتری دێونیزیوسی دەخولقێنێت، ئاخر تێکست ئەوەندەی شەیدای ئەفراندنی ئاسۆ و پانتایی و جیهانی تایبەتە، نیو ئەوەندە شەیدای ئەفراندنی واتایی ئامادە و جێگیر نییە، ئەوە وەرگرە واتای جۆراوجۆر بەدەق دەبەخشێت و خەیاڵی خوێندنەوە دەبیا و دەلالەتە دواخراوەکان لێکدەداتەوە. دوای پازدە ساڵ لەوەستانی شەڕ، جەنگی ئێراق و ئێران، ئێستا دیل و بەخسیرەکان، ئازادن، ستار، سەمیر، فوئاد، نوهاد، نووری، تارق، قاسم... بەیەکەوە عەرەق دەخۆنەوە و ڕووە و «تەل ئەسوەد» و ماڵی «ئوم هیلال» هەنگاودەنێن، دەیانەوی مەینەتی (١٥) ساڵی ڕابوردوو لە چرکەیەکی ئێستادا قەرەبوو بکەنەوە، ئەگەر دەسەلات

لێ بگەڕێت، مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەمین دەتوانن بەیەکەوە بژین و بەیەکەوە گۆرانی بڵێن و زەماوەند سازدەن و کچ و کوڕەکان بەوپەڕی عیشق و خۆشی هاوسەرگیری بکەن، کردەی نووسین لە دەسپێکی بەشی حەوتدا دەستەواژەیەکی «شارل بۆدلێر»ی فڕێ دەدا، دەشێ ئەم دەستەواژەیە بنیادی سەرجەم واتا جێگیرەکان هەڵبتەکێنێت و بوون خۆی لە ئاهەنگسازییەکی دیۆنیزیۆسیدا بدۆزێتەوە و بە ڕوانینێکی «نیتشەوی» وەهمی ئەسڵ و ئەسڵخوازی و ڕەسەنایەتی هەڵبوەشێنێتەوە و جوانی لە چرکەیەکی تێپەڕ و ڕاگوزەردا بدرەوشێنێتەوە، هاوکات چەمکی خەتەرناکی «ئایدیۆلۆژیا» هەڵدەوەشێنێتەوە کە سەدانی وەک زولێخا و ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ دەکاتە قوربانی مەبەستە گڵاوەکەی، [با شادی لەو دڵە غەمگینانەدا چەکەرە بکا، ئاخر لەسەر زبڵخانە جوانترین گوڵەکان دەڕوێن، تۆوەکان خێراتر گەشە دەکەن.. ل١٣٥] ئەم دەستەواژەیە کتێبی «گوڵە بەدەکان»ی «شارل بۆدلێر»مان بیردەخاتەوە، بە تایبەتی دەقی- جیفە - یان کەلاک... ئەو تەرمەی کە بۆگەن دەکا، هەروەها ئەو تێکستەی کە بۆدلێر بۆ کچە زنجییە یەهوودییەکە دەینووسێت، بۆدلێر لەم تێکستانەدا لە ئیستێتیکای قوبح و ناشیرینی دەدوێت، پێی وایە دەشێ لە قووڵایی ناشیرینیدا، تۆوی جوانی شین بێت، ناشیرینی چییە؟ دەشێ جوان بنێتەوە، بۆدلێر لە سەرسامی ناشیرینیدا، لە بێ بەهایی بوونەوەرەکان دەدوێت، سەیرکە لە دەقی «جیفە»دا جەستەی جوان و درەوشاوە چۆن لەبەر تیشکی خۆردا هەڵدەئاوسێ و بۆگەن دەکات، دواجاریش کرمە ڕەشەکان تێی دەئاڵێن.

ئەم دەستەواژە بۆدلێرییەی کە جەبار جەمال غەریب بەکاری هێناوە، لای ماری شیللی و لە ڕۆمانی «فرانکشتاین، یان پرۆمسیۆسی هاوچەرخ-دا بەشێوازێکی جیاواز بەکار هاتووە، ماری شیللی ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٨١٨دا نووسیوە، ماری نووسەرێکی ئینگلیزییە و هاوسەری شاعیری ڕۆمانسی «شیللی»یە و باس لە قوتابییەکی زیرەکی زانکۆی «ڕکنورک»ی ئەڵمانی دەکات، کە ڕێگایەکی دۆزیوەتەوە، دەتوانێت ژیان، یان گیان بە بەر ماددەدا بکات، قوتابییەکە ناوی «ڤیکتۆر فرانکشتاین»ە و بە هەمان ڕێگا بوونەوەرێکی زل و ناشیرین دەخوڵقێنێت و بەرلەوەی گیانی بە بەردا بکات، ڕا دەکات و تاقیگەی زانکۆ جێ دەهێڵێت و دواتر لەگەڵ هنری هاوڕێیدا دەگەڕێتەوە و بوونەوەرە مەسخەکە لە تاقیگەکەدا نادۆزنەوە، ئەم بابەتەی ماری لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ کردەوەکانی زانای سویسری فرانکشتاین کە کەسێک لە لەتوپەتی تەرمی هەڵوەشاوە دەخوڵقێنێت و دواتر مەسخەکە، یان کەسە ناشیرینەکە دژی خاوەنەکەی، یان ئەفرێنەرەکەی دەوەستێت و دەیبوغزێنێت، ماری شیللی لەم ڕۆمانەدا کە بەر لە دایکبوونی شارل بۆدلێر نووسیویەتی، چونکە بۆدلێر ساڵی ١٨٢١ لەدایک بووە و ساڵی ١٨٦٧ مردووە، دەستەواژەیەک فڕێ دەدات، ڕەنگە لە چەندان ڕەهەندەوە لەگەڵ جیهانی گوڵە بەدەکانی بۆدلێر و ئیستێتیکای ناشیرینیدا تێک بکاتەوە، دەستەواژەکەی ماری لەوانەیە پێوەندی بە جیهانی شیعری هەریەک لە «شیللی» و «لۆرد بایرۆن»ەوە هەبێت، دەڵێ [شیعرەکانی چەشنی گوڵەکانی زبڵخانە لە ئاژاوەوە لەدایک دەبوون] هەڵبەتە هەمان ئیستێتیکای ناشیرینی لە جیهانی شیعری هەریەک لە «ئیدگار ئالان پۆ» و «ئارتۆر ڕامبۆ»دا درکی پێ دەکرێت.

مەبەستم ئەوەیە نووسین لە دەسپێکی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە، کردەیەکی بەردەوامی «دەقئاوێزان»ە و نە دەقێکی پاک و پەتی بوونی هەیە، نە دەلالەتێکی بێگەرد، چونکە خودی زمان کە لە بنیادێکی نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەردەوام لە جیهانی هزر و مەعریفە جۆراوجۆرەکاندا خول دەخوات، دەکرێ کردەی دەقئاوێزان بەسەر بواری وەچەخستنەوەشدا پراکتیزە بکرێت و وەهمی ئەسڵ و ئەسڵخوازی و چەمکی ڕەسەنایەتی کاڵ ببێتەوە، چونکە «جوانی ناوازە» زۆرتر لە تێکەڵکردنی توخم و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانەوە سەرهەڵدەدا، بابەتی جوانی «گوڵی زبڵخانە» لای جەبار جەمال غەریب و ماری شیللی و هەم لە ئیستێتیکای «جوانی قوبح»ی شارل بۆدلێردا، پێدانی ڕەوش و خەسڵەتێکی نیهیلزمی و بێ نرخ و بەهاییە بە بوونی مرۆڤ و جوانی دەگمەن و ناوازە، ئەگەر بەڕوانینێکی «هایدگەر»ی لەم بابەتە بڕوانین کە «دازاین»، یان بوون لێرە و لەوێ و لەجیهاندا، خاوەنی بوونێکی بێ بنەڕەت و بەتاڵە و

هەوڵ دەدات درز و کەلێنەکانی لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە پڕ بکاتەوە دواجار «مەرگ» دێت و بە تەواوی پڕی دەکاتەوە، لێرەدا دەتوانم بڵێم ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان، لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە و دیالۆگ و فلاشباکەوە، کۆمەڵێک بابەتی گرنگ دەوروژێنێت کە سەرجەم بابەتەکان پەیوەستن بە بوون و چارەنووسی مرۆڤەوە، پاشان لە زۆربەی گەمەی ئەتمۆسفێرە جیاجیاکانی کەوتنی ئاسمانەکاندا بیرکردنەوەیەکی شاراوە دەگەڕێت کە هەڵگری لێکدانەوەیەکی ئۆنتۆلۆژی پەیوەست بە نیهیلزمە و جار جارە بەشێوەی پرشنگ و ئاماژەیەک لە سیاق و نێوکۆیی زمانی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەوێت، چەشنی جوانی گوڵە ناوازەکەی سەرسەرەنوێڵک، نەک هەر دەسەڵاتی ئەسڵ و ئەسڵخوازی و ڕەسەنایەتی تێکدەشکێنێت، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک بڕوای بە حیکایەت و گێڕانەوە گەورەکان نامێنێت، دەق دوای ئازادبوونی سەربازە دیلە ئێراقییەکان، کاتێ بە مەستی ڕوو لە تەل ئەسوەد و ماڵی ئوم هیلال دەکەن و لە ماڵە کێوەلییەکاندا دەخۆنەوە و ڕادەبوێرن، لەوێ لەم کەش و نێوەندە دیۆنیزیۆسیەدا لە زاری سەربازەکانەوە گوتارێکی ئالۆزی ئایرۆنی ئاراستە خودی نیشتمان و دەسەڵات دەکرێت، بەشێوازێکی نەگوتراو، تراژیدیای جەنگ و مانەوە و درێژەپێدانی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەخرێنە ڕوو، واتە سەربازەکان حەز دەکەن گەمە و ئازادییە بچووکەکانیان پراکتیزە بکەن، نەک ببنە سووتەمەنی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان، جارێکی تر هەمان بیرکردنەوە ئۆنتۆلۆژییە پەیوەست بە نیهیلزمییەکە لە شاخی سوورێن و لەژێر بۆردومانی مووشەکە تۆماهۆکەکان و زمانی وێنە سینەمایی و تەنزەوە لە مەرگەساتی ئایدیۆلۆژیا و هەڵخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکانێکی ناهۆشمەند و ئاست نزم دەدوێت کە چۆن سیستمی نوێی جیهانی، گرووپی توندڕەوی فەندەمێنتالیستی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریست دروست دەکات، دوای جێبەجێ کردنی مەبەستە ئابووری و سیاسییەکانی هەر خۆی بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر گرووپەکان لەنێو دەبات.

ئەم حاڵەت و دیاردانە گشتی دەرهاوێشتە و بەرهەمی ماکینەی سیاسی و فیکری ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتەن کە خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕێگەی کۆمپانیا زەبەللاحە فرە ڕەگەزەکانەوە دەکەنە کوشتارگە و بازاڕی چەک و تەقەمەنی و لەپێناو سوود و قازانجی تایبەتی، تراژیدیا دوای تراژیدیا بەرهەم دەهێنن، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان بەهۆی تێدا گەڕانی ئەم تێفکرینە ئۆنتۆلۆژییەی پەیوەست بەنیهیلزم و بایەخدانی بە ئازادی تاک و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی جیاواز و بڕواهێنان بە جوانی و پێکەوەژیان، دەکرێ بکەوێتە خانەی ڕۆمانەکانی پۆست مۆدێرنەوە، چونکە دەق لە دەسپێکی نووسینەوە کاری لەسەر کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆر کردووە، بەتایبەتی ڕێکەوت و ڕووداو و شکست و نائومێدی، ئەم دوو چەمکەی دوایی زیاتر لە بوونی هەریەک لە زولێخا و ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ دا بەرجەستەکراون، ئەم چەمکانەیش تا کۆتایی ڕۆمانەکە جۆرێک لە جووڵە و بزاڤ بەکردەی نووسین دەبەخشن.

دەکرێ لە ڕووی ڕاڤە و لێکدانەوەوە، کەوتنی ئاسمانەکان بخرێتە «بازنەی هێرمنیۆتیکی»یەوە و لە بەشەوە بۆ گشت شی بکرێتەوە، دەسخۆشی لە جەبار جەمال غەریب دەکەم کە ئەم ڕۆمانە بە پێز و جوانەی لە ڕێگەی چێژ و جوانییەوە، هەست و هزری پێ هەڵڕشتم و توانیم خوێندنەوەیەکی خاکەڕای بۆ بکەم، دەشێ خوێنەر و وەرگری تر بێت و کەوتنی ئاسمانەکان بەشێوە و شێوازی جیاواز لێکبداتەوە و بە ڕوانین و دنیابینی جیا جیا لە پێکهاتەی دەق و ڕەهەند و چۆنیەتی ڕووداوەکان بڕوانێت، بەڵام بەڕوانینی من کەوتنی ئاسمانەکان لە ڕێگەی گەمەی ئەتمۆسفێر و پانتاییە جیاوازەکانەوە درێژە بە کردەی نووسین دەدا.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: کەوتنی ئاسمانەکان**

**ناوی نووسەر: جەبار جەمال غەریب**

**بابەت: ڕۆمان**

**نۆبەی چاپ= یەکەم، ٢٠١٦**

**چاپخانە= تابان، ئێران**

**لە بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.**